# نەرەتیڤ و مووشەکەکان

05-04-2022

## نووسەرەکان

د.سەردار عەزیز

**کورتە** : ئامانجی ئەم کورتە نووسینە ئەوەیە رەهەندێکی پشتگوێخراوی هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ هەولێر زیاتر راڤە بکات کە ئەویش رەهەندی نەرەتیڤیەتی. نەرەتیڤ یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی دەسەڵات و هەموو دەسەڵاتێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی، پێویستی بە بەرهەمهێنانی نەرەتیڤە. ئەم گرنگییەی نەرەتیڤ وایکردووە، لە چەند دەیەی دواییدا ببێتە یەکێک لە بوارە گرنگەکانی فیکر و ئەکادیمیا لە جیهان.

## پووختە

ئامانجی ئەم کورتە نووسینە ئەوەیە ڕەهەندێکی پشتگوێخراوی هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ هەولێر زیاتر ڕاڤە بکات کە ئەویش ڕەهەندی نەرەتیڤیەتی. نەرەتیڤ یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی دەسەڵات و هەموو دەسەڵاتێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی، پێویستی بە بەرهەمهێنانی نەرەتیڤە. ئەم گرنگییەی نەرەتیڤ وایکردووە، لە چەند دەیەی دواییدا ببێتە یەکێک لە بوارە گرنگەکانی فیکر و ئەکادیمیا لە جیهان. نەرەتیڤ هەوڵی لە قاڵبدانی واتاکانی کردارێکە لە شێوەی چیرۆک یان گێڕانەوەیەکدا. مەرج نییە داڕشتنی ئەم چیرۆکە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ڕاستی کردارەکە بێت، بەڵکو هەوڵە بۆ دروستکردنی واتا بۆ کردارێک و، تەقەلای دروستکردنی کاریگەری زیاترە. چەمکی نەرەتیڤ بۆ خوێنەری کورد نوێیە، بۆیە باشترین شێواز بۆ تێگەیشتن لێی، وێناکردنیەتی وەک گێڕانەوەی چیرۆکێکی مەبەستدار.

## سەرەتا

لە 13 ئاداری ساڵی 2022 کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خاکی خۆیەوە 9 مووشەکی هاوێشتە شاری هەولێر. پاش کاتێکی کەم، سوپای پاسدارانی ئێران لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە بەرپرسیاریی هێرشەکەی لەئەستۆ گرت. بێگومان هێرشەکە فرەڕەهەندە و، دەتوانرێت لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە بخوێندرێتەوە. بۆ نموونە لەڕووی کاتەوە یان لەڕوانگەی شوێنە بە ئامانجکراوەکەوە، یان ساتەوەختی تایبەتی سیاسەتی جیهانی یان دۆخی سیاسی عێراق. لە کاتێکدا دەکرێت هەموو ئەم ڕوانگانە گرنگ بن، هیچ ڕوانگەیەک نییە کە سەرتاپای ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕووداوەکە لە خۆی بگرێت. هەروەها دەتوانرێت بە هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری مێژینەی ئێرانیش، لێکدانەوە بۆ مووشەکەکان و مەبەستەکانیان بکرێت. لەم پەیپەرەدا هەوڵدەدەین لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە لەڕووداوی هێرشەکە بنواڕین، ئەویش دروستکردنی نەرەتیڤ یان چیرۆکە. دیارە نەرەتیڤ و چیرۆک جیاوازن و، پاشان بە کورتی دێینە سەری.

یەکێک لەو بیرمەندانەی لە ماوەی ڕابوردودا ڕۆڵی چیرۆک و خەیاڵ و نەرەتیڤی بە گوڕێکی زیاترەوە هێنایەوە ناو پانتایی بیرکردنەوەوە، بیرمەندی ئیسرائیلی یوڤال نوح هەراری یە[1]. هەڵبەت ڕۆڵی نەرەتیڤ لە پەیوەست بە نەتەوە، بەتایبەتی لای بیرمەندێکی وەک هۆمی بابا[2] بۆ سەردەمی نەوەتەکان دەگەڕێتەوە. لەبەر بەرفراوانی ئەوانەی کە پەیوەستن بە کردارەکانی دەسەڵات و دیموکراسیبوونی کاری دەوڵەت، دەسەڵات و دەوڵەت بەردەوام لە هەوڵی داڕشتنی نەرەتیڤدان بۆ گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی خەڵک و دانانی کاریگەری لەسەریان ولە قاڵبدانی تێگەیشتنی ئەوان بۆ ڕووداوەکان. ئەمڕۆ نەرەتیڤ میتۆدێکی بەرفراوانی زانستە جیاوازەکانە.

بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت بپرسین، بۆچی ئێرانییەکان هێرشەکەیان بۆ سەر کوردستان بە ئیسرائیلەوە گرێدەدەن؟ دەیانەوێت لەم پێکەوەگرێدانەدا چ نەرەتیڤێک بخەنە بەرچاو؟ لێرەدا گرنگ نییە ئەم پرسە هیچ ڕاستییەکی تێدایە یان نا، بەڵکو پێکەوەگرێدانەکە لە ئاستی نەرەتیڤدا بۆخۆی گرنگە. بۆ تێگەیشتنی باشتر، دەبێت لە سەرەتادا بپرسین نەرەتیڤ چییە؟ بۆچی گرنگە؟ ئێران بۆچی ئەم هەوڵە دەدات؟ کاریگەرییەکانی چین؟

پێش ئەوەی بچینە نێو وردەکاری پرسەکە، دەبێت ئەوە ڕونبکەمەوە، کاتێک کە باس لە نەرەتیڤ دەکەم، مەبەستم ئەوەیە نەرەتیڤ هەیە و، لە هەمانکاتیشدا وەک میتۆدێک بەکاری دەبەم.

## ئێران و ئیسرائیل: پاشخان

ئێران و ئیسرائیل دوو وڵاتن کە لە زۆر خەسڵەتدا هاوبەشن. هەردووکیان لەنێو دەریایەکی زۆرینەدا کەمینەن. هەردوو هەوڵدەدەن هەژموونیان هەبێت و وەک هێزێکی هەرێمی ببیندرێن. بۆ ئەم مەبەستە هەردووڵا پێویستیان بە نەرەتیڤە. بەو واتایەی، چۆنیەتی گێڕانەوەی کردار وهەڵسوکەوتەکانیان بە جۆرێک بێت کە لای زۆرکەس مایەی قبوڵ بێت. دووریی سنوورەکانی هەردوو وڵات لە یەکترەوە زیاتر لە هەزار کیلۆمەترە، بەڵام لە ساتەوەختی بوونی بەکۆماری ئیسلامی، ئێران دەوڵەتی ئیسرائیل وەک دووژمن دەبینێت. پاڵنەری سەرەکی ئەم دووژمنایەتییەش، کە دژ بە هەموو بنەما لۆجیکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕەفتاری دەوڵەتە، ئەوەیە ئێران لەڕێگەی ئەو دووژمنایەتییەوە، ڕەوایی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەدەستبێنێت. سیاسەتمەداری دیکەش لە ناوچەکە لە جەمال عبدولناسرەوە تاوەکو سەددام و قەزافی، ئەم میتۆدەیان بەکارهێناوە. کاتێک ئامانجی ململانێکە دروستکردنی وێنایەکە بۆ ئێران لە چاوی خەڵکانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، ئەوا دروستکردنی نەرەتیڤ گرنگ دەبێت.

دیارە هۆکاری دیکەش لە دووژمنایەتییەکەدا هەیە. بەتایبەتی بینینی ئیسرائیل وەک هاوپەیمان و دۆستێکی ئەمریکا. هەبوونی

دووژمنایەتی لەنێوان ئێران و ئەمریکا، وادەکات کە ئیسرائیلیش وەک نەیارێکی ئێران ببیندرێت. هۆکارێکی دیکەی دووژمنایەتییەکە پەیوەستە بە دۆخ و پێگەی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئێران لە هەڕەشەی بۆ سەر ئیسرائیل، دەبێتە مایەی سەرنجی جیهان و دەنگی بە بایەخێکی زیاترەوە دەبیسترێت لەوەی کە تەنیا نەیاری ئەمریکا بێت. دیارە نەرەتیڤی دیکەش هەن، بەتایبەت لە پەیوەست بە باڵایی هەرێمی و هەبوونی چەکی ئەتۆمی.

لەهەموو ئەمانەدا ئیسرائیل پێگەیەکی تایبەتی لە خەیاڵ و یادەوەری هەردوو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هەیە. لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، ئیسرائیل ئەنجامدەری گوناحێکی گەورەیە، بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان هەست بەگوناحێکی گەورە بەرامبەر ئیسرائیل دەکەن. چۆنیەتی بەرجەستەبوونی ئەم وێنایە بڕبڕەی پشتی سیاسەتی نەرەتیڤە. کەواتە، بوونی هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل ئەو هەنگاوە ستراتیژییەیە کە ئەگەری ئەوەی هەیە، لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ڕەوایی بۆ ئێران بەدەستبهێنێت، هەروەها ببێتە جێگەی بایەخی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان. دیارە لێرەدا بوارمان نییە بۆ قسەکردن لە ستراتیژی شاردنەوە یان تەقییە، کە بەشێک لە سیاسەتی ئێرانی لە ناوەوە و دەرەوە پێکدەهێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بە پاڵنەری دیکەی وەک نەیاریی کۆنی ئایینی بۆ دووژمنایەتی ئێران و ئیسرائیل دەدرێت. لەڕاستیدا ئەمە هێندە ڕاست نییە و دەکرێت پێچەوانەکەی ڕاست بێت، تەنانەت شارستانیی کۆنی ئێرانی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ جووەکان هەبووە، ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە لە ئیسرائیل جادە بە ناوی کوروشەوە هەیە[3].

بە هەبوونی نەیارێتی، ئامرازەکانی ململانێ دێنە ئاراوە. ئامراز و تەکتیکەکان بەپێی سات و شوێن دەگۆڕێن و بۆ ئەم ڕوانگەیەی ئێمە هێندە بایەخدار نین.

## نەرەتیڤ چییە؟

لە  کتێبی هۆمۆ دیوس؛ کورتە مێژوویەکی سبەینێ، یوڤاڵ هەراری[4]  دەنووسێت: چیرۆکەکان بناخە و پایەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکانن. لێرەدا بوار و کاتی ئەوەمان نییە بچینە وردەکاریی جیاوازی نێوان چیرۆک و نەرەتیڤ، بەڵام بە کورتی دەڵێین: چیرۆک چییەتی گێڕانەوەیە، ئەو نێوەرۆکەیە کاتێک کە دەیگێڕینەوە، بەڵام نەرەتیڤ چۆنیەتی گێڕانەوەکەیە[5]. هەڵبەت ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە نەرەتیڤ لە مێژە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لە بوونی مرۆییدا هەیە. نەرەتیڤ بۆ وانەپێدان، ڕێنیشاندان، ڕەوایی پێدان، پەروەردەی ئاگایی و ئەخلاقی، بەخشینی هۆشیاری سەبارەت هەبوونمان بەکاردێت. لەبەر ئەم ڕۆڵە گرنگانەیشی، نەرەتیڤ هەمیشە ڕاستەوخۆ بەشێک بووە لە دەسەڵات و چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵات. هەر دەسەڵاتێک نەرەتیڤی نەبێت یان نەرەتیڤی خۆی بەرهەم نەهێنێت، ئەوا بە دەست قەیرانی ڕەوایی و پشتیوانی و هاوسۆزی و تێگەیشتن و نەبوونی توانای ورووژاندنەوە دەناڵێنێت. لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە، دەوڵەت وەک کاراکتەری هەرە سەرەکی بۆ پیادەکردنی دەسەڵات، هەمیشە بەدوای ئەوەدایە کە چۆن نەرەتیڤی خۆی بەرهەمبهێنێت بۆ بەخشینی ڕەوایی و ئاگایی و بەدەستهێنانی پشتیوانی.

کاتێک ئیسرائیل پێگەیەکی گرنگ وتایبەتی لە هەردوو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هەیە، جا یەکێک بە خراپ و ئەویتریان بەباشی، ئەوا ململانێکردن لەگەڵیدا چیرۆکێکی گرنگ بەرهەمم دەهێنێت. ئێران وەک کۆمارێکی ئیسلامی، کە پێکەوەگرێدانێکی دژ بەیەکە، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت چۆن گەورەتربێت. کەواتە نەرەتیڤ بریتییە لە دروستکردنی چیرۆکێک لە کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی بۆ بەدەستهێنانی سۆزوپشتیوانی خەڵکانێکی زۆر، کە نایانەوێت یان نازانن کرۆکی ڕاستەقینەی ململانێیەکان لەسەر چییە. بە زمانێکی دیکە، نەرەتیڤ یانی هۆنینەوەی چیرۆکێک، بەتایبەتی لە دۆخێکی سیاسیدا، وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ وروژانی خەڵک، لە ڕێگەی پەنابردن بۆ وروژانی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ وەک شەڕی باش و خراپ، ڕەوا و ناڕەوا، بەهێز و لاواز، دەستدرێژکار و قوربانی.

گرنگی نەرەتیڤ لای هەردوو لا، ئێرانییەکان و ئیسرائیلییەکان بەرچاوە. جارێکیان ڕۆژنامەی ناسراوی  ئیسرائیلی، هائارێتس، ململانێی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکانی وەك ململانێ لەسەر نەرەتیڤ ناوزەد کردبوو[6].

نەرەتیڤ کۆمەڵێک خەسڵەتی هەیە: یەکەمیان گێڕانەوەیەکی مەبەستدارە. بەو واتایە، هۆنینەوە و ڕێکخستنی ڕاستییەکانە لەپێناو دروستکردنی چوارچێوە و جیهانبینییەک کە لەگەڵ مەبەستی هۆنەرەکەدا بگونجێت. بەکورتی نەرەتیڤ شێوازێکی پۆستمۆدێرنی ئایدیۆلۆژیایە وەک لە چەمکی گراند-نەرەتیڤی لیوتاردا دیارە. گرنگی نەرەتیڤ لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیا لەوەدایە کە زمانی گێڕانەوە و هەوڵی بۆ گەیشتن بە جەماوەرێکی فراوانە، چونکە مرۆڤ هەموو بوارەکانی ژیانی لە شێوازی چیرۆکدا بەرجەستە دەکات. بە مانایەکی دیکە، زمان و پانتایی ئایدیۆلۆژیا سنووردارە و تەنیا ئەوانە پێی کاریگەر دەبن کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیاکەن، بەڵام نەرەتیڤ ئەم سنوورداریە تێدەپەڕێنێت و کاریگەری لەسەر جەماوەرێکی فراوانتر دەبێت، کە مەرج نییە هاوسۆزی ئایدیۆلۆژییەکە بن. بۆ نموونە

ئەگەر ئێرانییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئێران یان شیعەوە، ڕووداوەکانیان بگێڕنەوە، ئەوا زۆرینەی زۆری جیهانی ئیسلامی هاوسۆز و وەرگری نابێت. بەڵام کاتێک پلان و بەرژەوەندی و هەوڵەکانیان لە ململانێ لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئیسرائیلدا دەگێڕنەوە، ئەوا خەڵکانێکی زۆر کە ڕەنگە هاوسۆزی ئێرانیش نەبن بەڵام نەیاری ئیسرائیلن، بە ئاست و شێوازی جیاوازەوە هاوسۆزی دەبن. کەواتە جەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی ئیسرائیل جەنگێکی فرە ئاستە لەپێناو ڕەوایی و هاوسۆزی و بایەخپێدان و هەوڵە بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهانی ئیسلامی.

تایبەتمەندییەکی دیکەی هەرە سەرەکیی نەرەتیڤ بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە، ئەوەیە کە ئەوەی ڕوودەدات دەیخاتە ناو چوارچێوەیەکی فراوانەوە. لەوە ڕزگاری دەکات کە تەنیا ڕووداوکی تاقانەی ڕۆژ بێت. بەڵکو بە زنجیرەیەک ڕووداوی دیکەوە گرێیدەدات، کە توانا و کاریگەری لەسەر خەڵکی زیاتر دەبێت. پێکەوەگرێدانی کورد و ئیسرائیل وادەکات کە پێگەی ئێران بەهێزتر بکات و، ڕووداوەکەش دەنگێکی گەورەتر و بەرفراوانتری هەبێت.

ڕەهەندی سێیەمیش ڕەواییە. بەپێکەوەگرێدانی هێرشەکەی سەر هەولێر لەگەڵ ئیسرائیل، ئێران  دەیەوێت  بەستێنیك بۆ هاوەڵ و دۆست و لایەنگر و کرێگرتەکانی دابین بکات کە ڕەوایی بۆ ڕووداوەکە بدۆزنەوە.

## ئێران و ئیسرائیل و بەکاربردنی کورد

ئێران و ئیسرائیل هەردوو هەمان میتۆد دژ بەیەکتر بەکار دەبەن. یەکێک لە هەرە ناسراوترین میتۆدەکان، بە ناوی گۆرانییەکی گۆرانیبێژی شەعبی ئەمریکی جۆنی کاشەوەیە بە ناوی ئەڵقەی ئاگرین[7]. مەبەست لە ئەڵقەی ئاگرین ئەوەیە کە هەر یەک لە ئیسرائیل و ئێران لە هەوڵی ئەوەدان یەکتر بخەنە ناو ئەڵقەیەکی ئاگرینەوە. ئەمەش پاڵنەری ئەوەیە کە ئێران لە گەڵ حیزبوڵڵا و حەماس و سوورییەکاندا پەیوەندیی تۆکمە و پتەوی هەیە، تاوەکو بە دەوری ئیسرائیلدا ئەڵقەیەک لە نەیار و سەرچاوەی ئاگر دروست بکات. ڕەنگە دوایین شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس یەکێک بووبێت لە زەقترین دەرکەوتەکانی ئەم ستراتیژییە. ئۆزی ڕوبن لە سەنتەری ستراتیژی بن گۆریون لەم ڕوانگەیەوە بابەتی نووسیوە[8]. دیارە پاڵنەری ئەمەش، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو ڕاستییەیە کە هەردوو وڵات زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر لە یەکترەوە دوورن.

لە بەرامبەردا ئیسرائیل بە هەمانشێوە لە هەوڵی ئەوەدایە کە پەیوەندی باشی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری ئێراندا هەبێت، بۆ نموونە ئیسرائیل لەگەڵ ئازەربایجان و تورکیادا (چەند هەفتەی ڕابردوو بارەگای موساد بە ئاشکرا لە ئەنقەرە کرایەوە[9]) هەیە، هەروەها پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئەبراهام، لەگەڵ بەحرەین و ئیمارات پەیوەندی ڕاستەوخۆی باشی هەیە و، لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ قەتەر و سعودیەدا بە ئاستێکی کەمتر لە پەیوەندیدایە. بەهۆی ئاگاداربونی هەردوولا لە نیازوپلانی یەکتر، هەستیارییەکی گەورە بەرامبەر هەوڵەکانی یەکترهەیە. دەکرێت لەم ڕوانگە ستراتیژییەوە هێرشەکەی سەر هەولێر وەک نمایشی ئێرانییەکان بخوێندرێتەوە بۆ وڵاتانی دیکەی نێو ئەڵقەی ئاگرینی ئیسرائیلی. چونکە ئێران ناتوانێت بە ئاسانی هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی خاوەن سەروەری، ئەوا لەرێگەی هێرشەکەی هەولێرەوە پەیام و نمایشێک بۆ ئەوانیتر دەنێرێت کە خاوەنی ڕۆکێت و توانایە بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیە.
هەڵبژاردنی کوردستان ئامانجی دیکەییش هەبوو، بەتایبەتی بەرامبەر ئەمریکا، بەڵام هەلێری هەڵبژارد چونکە کوردستان یان عێراق توانای وەڵامدانەوەیان نییە. هەڵبەت ئەم ڕەهەندە نمایشییە ستراتیژییە، هێندەی ڕەهەندە نەرەتیڤییەکەی گرنگ نییە. بۆ هەموو چاودێرێکی بە ئاگای دۆخەکە ئەوە ڕوونە کە ئەمە یەکەمجار نییە ئێرانییەکان کورد لەگەڵ ئیسرائیل دا تێکهەڵکێش دەکەن. دیارە هۆکارەکانی ئەمەش زۆرن و، لە خوارەوە هەندێکیان بەکورتی بەرچاو دەخەین:

یەکەم: بەدەستهێنانی ڕەوایی بۆ هێرش، وەک لە لێدوانی باڵیۆزی ئێرانەوە لە بەغدا دیاربوو.

دووەم: بەدستهێنانی هاوسۆزی لە دنیای ئیسلامی دا. لە پێکەوەگرێدانی کوردستان و ئیسرائیل، ئێرانییەکان توانیویانە جەماوەرێکی زۆری دنیای ئیسلام و چەپی ڕۆژئاوایی بورووژێنن.

سێیەم: گەیاندنی پەیام بۆ ئیسرائیل و پێشاندانی تواناکانی ئێران.

چوارەم: پێکەوەگرێدانی هێرشەکە بەو نەرەتیڤە کۆنەی لەپێناو پێکەوەگرێدانی ململانێیەکان لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا. بۆ ئەوەی تەنیا نەبێتە کردەیەکی بێبایەخی لەبیرکراو یان هەواڵێکی ڕۆژ.

پێنجەم: هاوشێوەکردنی کورد و ئیسرائیل بەشێکە لە ململانێی ئێران لەگەڵ پرسی کورد و، بەوجۆرەش تیۆری هەبوونی دەستی دەرەکی لە پرسی کورددا پەرەپێدەدات.

شەشەم: باسکردنی ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە، عێراق و کوردستانی خستنە خانەی پاکانە و نکوڵێکردن. لەکاتێکدا هێرشیان کراوەتە سەر و دەبوایە بە زمانێکی جیاوازتر لێدوانیان بدایە.

حەوتەم:سرووشتی نەرەتیف وەهایە کە بەرفراوان و گەورەترە لە خەسڵەتەکانی دیکەی گێڕانەوە. مووشەکەکانی ئێران، ئەگەرچی لە واقیعدا پەیام و ئامانجی دیکەیان هەبوو، بەڵام بە دروستکردنی ڕەهەندی نەرەتیڤی لە بەرامبەر ئیسرائیل، بووە بەشێک لە نەرەتیڤێکی گەورەتر، کە پەیوەستە بە بوونی ئیسرائیل و ڕۆڵی لە ناوچەکەدا.

## کۆتایی

ئێران و ئیسرائیل جەنگێکی فرە ئاستی بەرفراوانی ئاڵۆز لەگەڵ یەکتردا دەکەن. لە جەنگەکەدا ئیسرائیل لە هەموو ئاستێکدا لە ئێران باڵاترە. بە جۆرێک دەتوانێت لەناو ئێراندا کار و کردەوەی سەربازی بکات. ئەم هاتنە ناوەوەی ئیسرائیل بۆ ناو ئێران مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە بۆ ئێرانییەکان، بەتایبەتی نیشانەی ئەوەیە کە چیدی قۆناخی ئەڵقەی ئاگرین کۆتایی هاتووە و ئەگەری هاتنە ناوەوەی ئەڵقەکە هەیە. ئەویش لەڕێگەی باڵادەستیی تەکنەلۆژیاوە. دوایین ڕووداوی ئەوەش لە چەند هەفتەی پێشوو لە نزیک کرماشان ڕوویداوە.

ڕووداوەکان تەنیا بەشێکن لە ململانێیەکان. ئێران و ئیسرائیل لە ئاستێکی تایبەت دا لە هەوڵی ئەوەدان کە چۆن پاڵپشتی و ڕەوایی بۆ پرسەکانیان دەستەبەر بکەن. لەمەدا هەردوولا لە هەوڵی هۆنینەوەی جۆرێک لە چیرۆکن، کە لێرەدا بە نەرەتیف ناومان برد. لەمیانەی ئەم نەرەتیفەدا، کورد ساڵانێکی زۆر بە ئیسرائیلەوە گرێدراوە. ئەم پێکەوەگرێدانەش زیانێکی زۆری بە پرسی کورد گەیاندووە.

وەک لە سەرەوە باسمانکرد دروستکردنی ئەم نەرەتیفە لەلایەن ئێرانەوە، کۆمەڵێک ئامانجی ستراتیژی هەیە، بەڵام کورد قوربانییەکی گەورە دەدات. ئێران کێشەی لەگەڵ کورد و دەسەڵاتی کوردی دا هەیە، بەڵام هەوڵدان بۆ ئەوەی کورد بخرێتە چوارچێوەی ئیسرائیلی، ئیدی پرسی کورد لە کورد و تایبەتییەکانی دادەبڕێت، ئەویش لەکاتێکدا کە پرسی کورد و ئیسرائیل هیچ هاوبەشییەکیان نییە. دەکرێت پەیوەندی هەبێت بەڵام دەبێ جیاکاری بکرێت لەنێوان پرسی جووەکان و دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕۆمانسییەتی تاکە کەسیی لەگەڵ پرسی کورد. دەوڵەتی ئیسرائیل، وەک هەر دەوڵەتێکی دیکە بە لۆژیکی دەوڵەت کار دەکات، لۆژیکی دەوڵەتیش لۆژیکێکی ستراتیژیی بەرژەوەندییە، نەک دۆستایەتی و هاوسۆزی و ڕۆمانسییەت.

ئێران لەم پرسەدا زیان لە ڕەوایی پرسی کورد دەدات. هێزی خۆی بە ئاسانی بەرامبەر ئیسرائیل نمایش دەکات. هەروەها لەجیاتی ئەوەی سەرکۆنە بکرێت، پاکانەی بۆ دەکرێت. لەڕێگەی نەرەتیفەوە، ئێرانییەکان پەیوەست بە دۆزی کورد، هەروەها لە پەیوەندییان لە گەڵ ئیسرائیل و، لە دروستکردنی وێنا و پاساو لە جیهانی ئیسلامیدا بە بەردێک چەند چۆلەکەیەک دەکوژن.

وادیارە کورد لەم ڕەهەندی ململانێیەکە بێئاگایە. بەئاگابوونی کورد لە ڕەهەندی نەرەتیڤی ئیسرائیلی گرنگە. ئەم پرسە کۆمەڵێک وێنا و پاساو دروست دەکات کە بە ئاسانی ناڕەوێندرێنەوە و، دەبنە بەشێک لە خەیاڵی گشتی کە لە ململانێی سیاسی دا بەکار دەبرێن. دەبێت گوتاری کوردی لەم بارەوە عەقڵانی بێت. ڕاستییەکی تاڵ هەیە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت ئەویش ئەوەیە کە لەبەرئەوەی کورد خەڵکێکی بێ دەوڵەتن، ئەوەیان پێ ڕەوا نابینن وەک دەوڵەت مامەڵە بکەن.

سەرچاوەکان


https://advertising.amazon.com/blog/yuval-noah-harari-neil-lindsay-storytelling-society-marketing [1]

https://journals.sagepub.com/doi/10.1177/095269519100400309 [2]

/https://www.brookings.edu/book/iran-reconsidered [3]

.Harari, Yuval Noah (2016) *Homo Deus: A Brief History of Tomorrow*, London: Harvill Secker [4]

Plummer, Ken, 2019. Narrative Power: The Struggle for Human Value. Cambridge: Polity [5]

https://core.ac.uk/download/pdf/14920458.pdf [6]

https://www.youtube.com/watch?v=5WyLhwYFgmk [7]

https://besacenter.org/wp-content/uploads/2020/01/169-MONOGRAPH-Rubin-Iranian-Missiles-web.pdf [8]

https://www.intelligenceonline.com/government-intelligence/2022/02/24/mossad-back-in-ankara-thanks-to-israeli-tu [9]
rkish-rapprochement,109736240-art